٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

پاشکۆی ١

دەرگای تەنگ و داوەتی مەزن

" نمونەی دەرگای تەنگ " لە مەتا ٧: ١٣- ١٤ وە نمونەی داوەتی مەزن لە لۆقا ١٤: ١٥- ٢٤ تایبەتن بە مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا .

أ. مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا .

مەتا ٧: 13- 14 بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی

وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

چیرۆکی ئەم نمونەیە وێنەیەکی هاندان وڕاسپاردەمان پێشکەش دەکات . ئەم ڕاسپاردەیەش پێشکەشە بە هەموو خەڵکی لە جیهاندا ، خوداوەند هانیان دەدات کە لە دەرگای تەنگەوە بچنە ژوورەوە و ڕێگەی تەنگ بگرنە بەر ، وە ڕێگەی پان وبەرین نەگرنە بەر ، بۆ هەردوو ڕێگەکە مەبەستی دیاریکراوی تێدایە ئەمەش وێنەیەکی ڕاستیە لە ژیاندا.

دەرگای تەنگ .

ئەم دەرگایە ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە تەنها یەك پیایدا دەڕوات لەهەر جارێکدا .

ڕێگەی تەنگ .

ئەم ڕێگەیە شێوەی لە ڕێڕەوێکی سەخت دەچێت لە نێوان دوو تاشە بەردا کە لەچواردەوریدا ڕێبواران هەن .

دەرگای پان وبەرین .

ئەم دەرگایە زۆر پان وبەرینە دەتوانن کۆمەڵێ خەڵکی زۆر پیایدا بچنە ژوورەوە لەیەکاتدا ، وەکو لافیتەیەك وایە لەسەر دەرگا هەڵواسرابێت و نوسرابێت ، زۆرترین ژمارەی خەڵکی بەخێر بێن فەرموون .

ڕێگەی پان وبەرین .

ئەم ڕێگەیە شێوەی لە شەقامێك دەچێت پان وبەرین و پێچاوپێچ بێت . وە درێژایی ئەم ڕێگەیە لافیتەی تێدا بێت و نوسرابێت ، چۆنت دەوێ پیایدا بڕۆ ، وە چەند دەتەوێ بە خێرایی بڕۆی فەرموو .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە بەشەکانی ٥- ٧ لە ئینجیلی مەتا .

بانگراوندی نمونەکە وێنەیەکە بۆ وتاری سەرچیا .

لە وتاری سەرچیا عیسا پێناسەی هاوڵاتیانی شانشینی خودا دەکات مەتا ٥: ١- ١٦ ؛ مەتا ٥: ١٧- ٧: ١٢ ؛ مەتا ٧: ١٣- ١٤ ؛ مەتا ٧: ١٥- ٢٧ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٧: ١٣- ١٤ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە.

جێبەجێ کردنی نمونەکە لە چوارچێوەی خودی ڕاسپاردەکەدایە.

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

دوو ڕێگەو دوو دەرگا .

دەرگا وێنەیەکە بۆ بڕیاری یەکەم لە ژیاندا ، وە ڕێگەی ژیان وێنەیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ چۆن پێی دەژی دوای ئەوە .

دوو جۆر ڕێبوار لەسەر دوو ڕێگا .

زۆرینە وکەمینە گوزارشگەلێکن زۆر جار لە کتێبی پیرۆزدا هاتوون ، هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەم دوو خاڵە گرنگ لە نمونەکەدا.

مەبەستەکان .

لەناوچوون و ژیان دوو شتن زۆر جار هەروەها لە کتێبی پیرۆزدا باس کراون وە بە دڵنیاییەوە ئەمانەش دو خاڵی گرنگن لە نمونەکەدا .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی نابینا چاوساغی نابینایە لە مەتا ٧: ١٣- ١٤ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " بڕیاری یەکەم کە مرۆڤ دەیدات لە ژیاندا ئەو ڕێگەیە دیاری دەکات کە دەیگرێتەبەر و پێی دەژی لەسەر زەوی هەروەها مەبەستی کۆتایی دیاری دەکات . بۆیە ئاگادار بە کام ڕێگەیە هەڵدەبژێریت .

چوونە نێو شانشینی خودا مەرج و بوارێکە کە خودا بڕیاری لەسەر دەدات ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شانشینی خودا ، هیچ کەسێك ناچێتە نێو شانشینی خوداوە بە مەرجەکانی خۆی وە مەرجی خوداش بۆ چوونە نێو شانشینیەکەی ئەوەیە لە دەرگای تەنگەوە بێت وە بە ڕێگای تەنگدا بڕوات و باوەڕی بە مەسیح هەبێت کە ڕزگاری کردوە ، لۆقا ١٠: ٢٥- ٢٦ ؛ یۆحەنا ١٠: ٩ ؛ ١٤: ٦؛ کردار ٤: ١٢ ؛ مەتا ٥- ٧ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

کامیان سەرەتا دێت : ڕێگا یان دەرگا ؟

لۆقا ١٣: ٢٣- ٣٠ **بخوێنەوە .**

ئایا هەردوو ڕێگاکە دەڕۆن بەرو دوو دەرگاکە لە کۆتاییدا ؟ یان هەردوو دەرگاکە دوو ڕێگەی جیاوازیان هەیە .

هەندێ لە باوەڕداران بە پشتبەستن بە لۆقا ١٣: ٢٣- ٣٠ پێیان وایە یەکەم جار ڕێگاکە دێت و دەتبات بەرەو دەرگاکە بەڵام شێوازی لۆقا ١٣: ٢٣- ٣٠ جیاوازە لە شێوازی مەتا ٧: ١٣- ١٤ ، بڕوانە مەتا ٢٥: ١٠ .

چەند لەژمارەی خەڵکی لە کۆتاییدا ڕزگاریان دەبێت ؟

مەتا ٢٢: ١٤ ؛ ڕۆما ٩: ٢٧ بخوێنەوە . هەروەها بینین ٧: ٩ .

کامەیە ئەو شیوازی ژیانە لەجیهاندا؟

یۆحەنا ٨: ٣٤ ؛ ئیشایا ٥٧: ٢٠- ٢١ بخوێنەوە . هەروەها زەبور ١١٩: ١٦٥ وە ٢کۆرنسۆس ٤: ٨- ٩ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ٨- ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ١٧ ؛ ڕۆما ٨: ١٨ بخوێنەوە .

مەبەست چیە لە دوای ژیانی ئەم جیهانە ؟

مەتا ٣: ١٢ ؛ ٢٥: ٤٦ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٨- ٩ ؛ بینین ١٤: ٩- ١١ بخوێنەوە .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا .

واتای چوونە نێو شانشینی خودا ئەوەیە ڕزگاریت دەستکەوتەوە ، وەعیسا فێرمان دەکات کە ڕزگاری چەند خۆشە بەڵام هاوکات فێرمان دەکات کە ئاسان نیە بەڵکو دەبێت بە ڕێگەی تەنگ ودەرگای تەنگدا بچینە ژوورەوە ، ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ ؛ لۆقا ٩: ٢٣ ؛ زەبور ١ .

ئەنجامەکانی چوونە نێو شانشینی خودا .

وتاری سەرچیا فێرمان دەکات کە چوونە نێو شانشینی خودا خۆشی و ناخۆشی تێدایە ، مەتا ٥ .

ب. داوەتی مەزن .

لۆقا ١٤: ١٥- ٢٤ **بخوێنەوە .**

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

چیرۆکی ئەم نمونەیە لە داوەتی شایی دەچێت بەڵام هەمان چیرۆک نیە ، مەتا ١٨ ؛ لۆقا ١٥ .

داوەتی یەکەم ئایەتی ١٦ بەڕوونی باسی ئەوە دەکات کە هەموان پێشوازیان کرد لە داوەتەکە وهیچ کەسێك ڕەتی نەکردەوە .

داوەتی دوەم .

هەندێ کەس کەوتنە بیانوو هێنانەوە و بەڵێنینا دا بێن بەڵام بەڵێنەکەیان نەبردە سەر و نەهاتن .

داوەتی سێ یەم .

بەپێی ئەوەی پێشتر کاتەکەی دیاری کرابوو بۆیە تا هیچ کەموکوڕیەك نەبێت لە ژمارەی میوانەکان وئامادەبوان ، خزمەتکارەکان نێردران بۆ بانگکردنی خەڵکی لە توێژ وچینە نزمەکانی کۆمەڵگە و فەرمانیان پێکرا ئەوانە بانگ بکەن و ئامادەیان بکەن ئیدی دەستیان گرتن وهێنایانن بۆ ژووری داوتەکە . تا وای لێهات خزمەتکارەکان تەنانەت بە خۆشەویستی و هەروەها بە توندیش ئامادەیان دەکردن ! .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ١- ١٥ .

عیسا نانی دەخوارد لە ماڵی یەکێك لە سەرۆکی فەریسیەکان ئیدی فێری کردن لەکاتی داوەت ونانخواردندا چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ نابیناو هەژار و کەمئەندامەکان . لۆقا ١٤: ١٢- ١٤ ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بانگی هاوڕێ وخزمەکانمان نەکەین بەڵکو بانگکردنی هەژار وبەدبەختەکانی نێو کۆمەڵگە بەرەکەتێکی مەزنتری هەیە .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ١٦- ٢٤ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: 24 .

هەرکەسێ بانگکراو داوەتەکەی ڕەتکردەوە هەرگیز ناچێتە نێو شانشینی خوداوە . تەنها ئەوانە دەچنە نێو شانشینی خوداوە کە وەڵامی بانگهێشتەکە دەدەنەوە .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا لە نمونەکانیدا فەریسیەکان ونوسەران بە خۆدەرخەر و دوڕو ناودەبات چونکە ڕابەری نابینان لەم خاڵەدا و لە وتوێژی عیسا واتاو مەبەستی تایبەتی تێدایە .

داوەتی مەزن . بڕوانە بینین ١٩: ٧ ؛ زەبور ٢٣: ٥ ؛ ئیشایا ٢٥: ٦ ؛ مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢٢: ١- ١٤ ؛ ٢٦: ٢٩ ؛ بینین ٣: ٢٠ ؛ ١٩: ٩ . وە پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ڕاڤەی ئەم بنەماوخالانە بەشێوەی ڕاستەقینە دەکری وە تا چەند بەشێوەی میتافۆری دەکرێت ؟ وەڵام ئەم هێمایانە لە نمونەکاندا واتای ئەوە نیە وێنەیەك نەبن بۆ ڕاستی . ئاسمانی نوێ وزەوی نوێ ڕاستین ، وە خۆشی وبەختەوەری ڕزگاربوان لە شانشینی خودادا بە تەواوەتی ڕاستین هەموو ئەم شتانە ڕاستین بە هەموو ودرەکاریەکانیانەوە .

بانگکردنەکان .

گرنگترین شت لە نمونەکاندا تێگەیشتنە لە خاڵ وبنەمای سەرەکی یان پەیامی سەرەکی فێرکردنەکانی عیسای مەسیح .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی نابینا چاوساغی نابینایە لە مەتا ١٤: ١٥- ٢٤ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " ڕەتکردنەوەی بانگکردن ی بێبەرامبەر بۆ وەرگرتنی ڕزگاری بەنیعمەتی باوەڕ دەتبات بەرەو بێ بەش بوون لە بەرەکەتەکان ودڵخۆشیەکانی شانشینی خودا لە

چوونە نێو شانشینی خودا بە مەرجی خودا یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شانشینی خودا ، گەلی ڕاستەقینەی شانشینی خودا وەڵامی بانگکردنەکانی خودا دەدەنەوە .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەم نمونەیە چیمان فێردەکات بە بەراورد بەوەی نمونەی دوو کوڕەکەو جوتیارە خراپکارەکان ونمونەی داوەتی شایی فێرمان دەکات لە مەتا ٢١-٢٢ ؟

تێبینیەکان .

ئەم نمونەی داوەتی مەزنە لەو سێ نمونانە دەچێت کە فێرمان دەکات ئەوانەی تۆبە ناکەن وناگەڕێنەوە بۆلای خودا ناچنە نێو شانشینی خوداوە لە قۆناغی کۆتایی لە هاتەنوەی دووەمی عیسای مەسیح .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا قبوڵکردنی بانگەوازی خودایەو ڕەتنەکردنەوەیەتی .
گەلی ئیسرائیل گەلی پەیمانی خودا بوون لە پەیمانی کۆندا ، ئیدی بانگەوازی خودایان ڕەتکردەوە کە پێشکەشیان کرا بە نیعمەتی خودا لەسەرەتاوە لە ڕێگەی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن . وە لەم دواییەشدا لە ڕێگەی عیسای مەسیح و نێردراوەکانیەوە ئایەتەکانی ١٦- ٢٠ . بۆیە بێباوەڕان لە گەلی ئیسرائیلدا تامی داوەتە مەزنەکە ناکەن لە کۆتاییدا . ئایەتی ٢٤ ، هەروەها بڕوانە ١پاشایان ١٩: ١٨ ؛ ئیشایا ١: ٩ ؛ ١٠: ٢٢ ؛ مەتا ٢٢: ١٤ ؛ لۆقا ٥: ٣١- ٣٢ ؛ ١٣: ١- ٥ ؛ ڕۆما ٩: ٢٧ ؛ ١١: ٥ .
ئەو شێوازەی کە خەڵکی پێ ئامادە دەکرێت بەرەو شانشینی خودا خۆشەویستی و ڕەزامەندیە . بڕوانە پەیدابوون ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ ئیشایا ٥٤: ٢- ٣ ؛ ٥٦: ٣- ٨ ؛ ٦٠: ١- ٣ ؛ ٦٥: ١- ٣ ؛ زەبور ٧٢؛ دانیال ٢: ٣٤- ٣٥ ، ٤٤- ٤٥ .
ئەوانەی گوێ لەم نمونەیە دەگرن ودەیخوێننەوە لەسەریانە وەڵامدانەوەیان هەبێت .
پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە ئەوەیە : بۆ چوونە نێو شانشینی خودا دەبێت وەڵامی بانگەوازەکەی خودا بدەیتەوە و قبوڵی بکەیت ، نیعمەتی خودا قبوڵ بکە هەر ئێستا .

ج. کورتەی فێرکردنە سەرەکیەکانی ئەم نمونانە لەبارەی مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پەیامە سەرکەی فێرکردنانە کامەن نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ کە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ؟